www.kurdistannet.org
7-3-2007 21:58 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## عەبدوڵا هەمزە ئاغا قوتابی بوو یا جاش موستەشار ... ئازاد سلام

لە دووای ئاشکرا کردنی چاوپێکەوتنە رۆژنامەییەکەی عەبدوڵا هەمزە ئاغا، چەند کەسێك بۆ پاکانەکردن لە ناوبراو لە ماڵپەری کوردستاننێتی بەریزدا هەڵویستی خۆیان ئاشکرا دەرخست.

من لێرەدا دەمەوی ئامارژە بەو جیاوازی و پاکانە دژبەیەکەی کۆمەڵێك لە ریشسپی و پیاوماقوڵانی ناوچەی پشدەر و کاك بەختیار بچکۆڵ بدەم. ئەو نۆ کەسایەتی و ریشسپیەی پشدەر، دەڵێن بنەماڵەی عەبدوڵا هەمزە ئاغا شۆرشگێر بوون و ناوچەی پشدەر لە سایەی ئەواندا سەر بەخۆ و ئازاد بووە، لە کاتێکدا ئەو ناوچەیە پر لە سەربازگا و مۆلگای بەعسیەکان بوو، لەو دەقەرە ئەوەی لەگەڵ رژیمی بەعس نەبووایە، گری قین و تورەیی بەعسینەی خۆیان بەسەردا دەباران، چونکە ناوچەی پشدەر و قەڵادزێ هەر لە شۆرشی ئەیلول و دوای ئەوەش شوینی شۆرشگیران و دلسۆزانی گەل و نیشتمان بووە، چیاکان قەندیل و دۆلی شەهیدان شاهیدی ئەوەن.

بنەماڵەی عەبدوڵا هەمزە ئاغا لە هەشتاکاندا بوونەتە داردەستی رژیمی بەعس و چەکی جاشەیەتیان هەڵگرت و بە زۆر خۆیان کردە کویخا و ئاغای پشدەر. فەوجەکەیان کە عەبدوڵا هەمزە لە چاوپێکەوتنەکەی هاوکاریدا بە شانازیەوە باسی دەکات، چالاکانە پیش ئەنفال و کاتی ئەنفال لە ناوچەی پشدەر و دوکان فەرمان و ئەرکە پیسپیراوەکانی بەعسیەکانیان راپەرانووە و بوونەتە جیمتمانەی رژیمی ئەفلەقی و نیشانەی دلسۆزی و سوپاسیان بە بەرۆکدا کراوە هەروەك عەبدوڵا هەمزە ئاغا لە چاوپێکەوتنەکیدا باسدەکات.

کاك بەختیار بچکۆڵ لە پیشەکی (هەلویستیکی لەبیر نەکراو) دا دەڵیت لەکاتی ئەنفالدا ئەو خەڵك و پیشمەرگانەی دەرفەتی دەرباز بوونیان نەبوو، پەنایان دەبردە بەر سەرۆك جاشەکان تا بیانشارنەوە بۆ ئەوەی چارەنووسیکی باشتر لەوەی بەرشاڵاوی ئەنفالی بەعسیکانیان بۆ دەرەخسیت، کاك بەختیار لێرەدا ئاشکرایدەکات کە بنەماڵەی عەبدوڵا هەمزە ئاغا لەو سەرکردە جاشانە بوون پەنای هەندی کەسیان داوە ئەوەش لەبەر پارانەوە و قسەی خزم و کەسوکاری خۆیان نەك لەبەر چاوی رەشی کورد.

کاك بەختیار بچکۆڵ دەگیریتەوە دەڵیت دوو رۆژ دوای پەنابردنیان بۆ ماڵی عەبدوڵا هەمزە ئاغا، لەبەرواری 1988/8/17 دا هەمزە ئاغا دەمریت، پاش ئەوەی بەسەردان چووبوە کەرکوك (گوماندەکەم بۆ لای عەلی کیمیاوی چوبیت، کە ئەو کاتە بۆ سەرپەرشتی هیرشەکانی ئەنفال بارەگای لەکەرکوك بوو) دووای مردنی هەمزە ئاغا، عەبدوڵا دەبیتە جینشینی باوکی، ئەو بەڵینەی درابوو بە کاك بەختیار و برادەرەکەی کە بیانگیەننە سلیمانی، عەبدوڵا هەمزە ئاغا بەجیدەگیەنیت و بە ئۆتۆمۆبیلی خۆی کە دیار و ناسراو بووە لە هەموو ئەو خاڵی پشکنین و مۆلگاینەی بەعس دایینابوو بەدریژای ریگەی نیوان سلیمانی و قەڵادزێ، بەبی لیپرسینەوە ئەوان دەگەیەنیتە سلیملنی، لە کاتێکدا لەو سات و وەختە دا هەرکەسیك بە ئۆتۆمۆبیلی خۆی یاخوت کرێ لە قەڵادزیوە بۆ سلیمانی یا بەپیچەوانەوە بچوایە دەبوو چەندین جار بیانبشکنیایە و لە کەسایەتی دلنیابوونایە ئەوکاتە ریپەدرا بەرەو شوینی مەبەست بروات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.